# ڕێزدار ڕێكار ئەحمەد وەڵامی پرسیارەكانی ڕۆژنامەوان ( باوكی بەهەند ) دەداتەوە

باوكی بەهەند دەڵێ:

گەورەترین باس و خواسێك كە ئەمڕۆ بۆتە مانشێتی سەر گۆڤارو ڕۆژنامەو سایتە كوردییەكان، ئەویش بێزراوترین دیاردەیی فەسادو گەندەڵییە.

ئەم نەخۆشییە كوشندەو ترسناكە، ڤایرۆس ئاسا ڕۆژ بە ڕۆژ لەبرەودایە.

هەر دەسەڵاتێك دووربێت لەفەسادو گەندەڵی و سیستەمی دادەپەروەری و یەكسانی شوناسی بێت، بەرامبەر بەهەموو چین و توێژەكانی نێو كۆمەڵگە زۆر ئەستەمە ئەو دەسەڵاتە ماڵ ئاوایی لەجەماوەر بكات، بە پێچەوانەشەوە ڤایرۆسی گەندەڵی چۆن بووەهۆی ماڵ ئاوایی كردنی بزووتنەوەی فەتح لە دەسەڵات، ئاوا ڕۆژێكیش چاوەڕێی هەر پارت و دەسەڵاتێكە كە هاوشێوەی بزووتنەوەی فەتح بێت.

پرسیارەكانم لێرەوە دەست پێدەكەن:

ئایا ئەو هۆكارانە چین كە برەو بەم دیاردە قێزەوەنە دەدات؟

ئایا چ ئالیەت و میكانیزمێك شیاوە بۆ چارەسەركردنی؟

ئایا پەرلەمانێك جورئەتی ئەوەی نەبێت كە وەزیرێك، بەڕێوەبەرێك، كاربەدەستێكی پلە باڵا بانگهێشتی لێپرسینەوە بكات، ئاخۆ ئەوە چ پەرلەمانێك بێت؟

ئایا ئەمە چی سیستەمێكە مەكتەبی سیاسی هەردوو حیزب بودجە بۆ حكومەت و حیزبەكانی تر دابنێت؟ ئەی پەرلەمانێك نەتوانێ بودجەی تایبەت بۆ حكومەت و حیزب و ڕێكخراوەكان دابنێت، ئیتر كامەیە ڕۆڵ و كاریگەری ئەم پەرلەمانە؟! ئایا جگە لەمەكتەب سیاسی هەردوو حیزب چ تاكێكی كۆمەڵگە دەزانێت بودجەو داهاتی ساڵانەی حكومەت چەندەو چۆن سەرف دەكرێت و چی بەسەر دێت؟!

ئایا لەدایكبوونی هێزێكی بەرهەڵستكار وەك چاودێر دەتوانێ، دیاردەی گەندەڵی و فەسادی كەم بكاتەوە؟

ئایا ڕۆژنامەنووسان و میدیاكانی دەرەوەی دەسەڵات تا چەندە دەتوانێ گەندەڵیی نێو دەزگاو موئەسەساتەكان ئاشكرا بكەن؟

ئایا بەهەدەر بردنی سەروەت و سامانی كۆمەڵگە لەلایەن هەردوو حیزبەوە ناچێتە خانەی گەندەڵی داراییەوە؟

یەك گیرفانی حیزب و حكومەت لە چ دونیایەكی دیموكراسی وجودی هەیە؟

بەحیزبی كردنی هەموو زانكۆو پەیمانگەو قوتابخانەكان و كڕینی نووسەران و ڕۆشنبیران ناچێتە خانەی گەندەڵی ڕۆشنبیرییەوە؟

ڕێكار ئەحمەد

ئایا خروقات و تەزویرو پێشێلكاری و دەنگ كڕینی كاتی هەڵبژاردنەكان ناچێتە خانەی گەندەڵی سیاسییەوە؟

ڕەفتاری ناشارستیانەی پیاوانی پۆلیس و ئاسایش و پاراستن بەرامبەر بە خۆپێشاندەران بە گوللە دیسان ئەمەش ناچێتە خانەی گەندەڵی سیاسییەوە؟

گرتنی سەرۆكی پارتی چارەسەری دیموكراتی كوردستان، ئەندامەكانیان لەكاتی خۆپێشاندانەكەی سلێمانی و هەروەها سووتاندنی بارەگاكانی یەكگرتوو لەدەڤەری بادینان، لەكاتی هەڵبژاردنەكان، ئەمەش دیسان دەستدرێژی نییە بۆ سەر ئازادییە سیاسییەكان و نەخوێندنەوەی فكری بەرامبەر؟ هەموو ئەمانە بە گەندەڵی سیاسی ناوەزد ناكرێت؟

ئەمانەو چەندین پرسیاری تری لەم شێوە لەناخی زۆربەی تاكەكانی كۆمەڵگە پەنگی خواردۆتەوە، هیوادارین ئێوەی بەڕێز هۆكارو چارەسەرەكانی ئەم پەتایە دەستنیشان بكەن.

بەڕێز ڕێكار ئەحمەد سكرتێری حزبی ڕزگاریی كوردستان، بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەكانی باوكی بەهەند دەداتەوە:

گەندەڵی خۆرەیەكەو لەجەستەی دەستەڵاتی داوە. هۆكاری برەودان بەو گەندەڵییە لەتەسكبینی و بەرژەوەندی تایبەتی حزبەوە سەرچاوەی گرتووە. تەسكبینی و بەرژەوەندخوازی حزب و سەركردەكانی ئەلگۆی پیرۆزی و سەروەریان بۆ خۆیان قوت كردۆتەوە. تراویلكەیەك باڵی بەسەر ئایدۆلۆژیای حزب كێشاوە، وا تێگەیشتوون ئەگەر سەركردە نەبێ حزب نابێ، ئەگەر حزب دەستەڵاتدار نەبێ، گەل و نەتەوە نابێ، جا بۆ ئەوەی نەتەوە بمێنێ و مافەكانی خۆی وەربگرێ، پێویستە حزبەكەی ئەوان هەبێ، بۆ ئەوەی حزبیش بمێنێ و دەستەڵاتدار بێت گەرەكە سەركردە بەرۆحی پیرۆزییەوە بمێنێ و بپەرستریێ. سەرچاوەی گەندەڵیەكان لەپەرستنی تاك و تراویلكەیی، پیرۆزبوونی حزب هەڵێنجراوە. شكستی دەروونی و كەسایەتی هەندێك لەگەندەڵچیەكانیش وایكردووە كە داهاتووی ڕوون نەبینن، گەشبین نەبن، هەربۆیە پەلەیانەو لەسەر دەرفەت بازنادەن، دەیانەوێ زۆر كۆبكەنەوەو ئاییندە مسۆگەر بكەن. تا ئەو ژیری و لۆژیكە نەگۆڕدرێ، گەندەڵیەكان درێژەیان دەبێ.

میكانیزمی جۆراوجۆر هەن ئەگەر پێڕەوەیان لێبكرێ، بەخێرایی گەندەڵیەكان كۆتا دەبن. ئەگەر دیواری نێوان جەماوەرو سەركردەكان ڕووخێنراو خەڵك بەهاو پیرۆزی خۆی وەرگرتەوە، ئەگەر هۆشیاری پێویست لەپانتاییەكی زۆردا بڵاوبێتەوەو جەماوەر چەمكی ڕاستینی حزب كە شێوازێكە بۆ گەیشتن بە ئامانجەكان هەرس بكەن و بەهەڕەمەكی دەنگ بەلیستی حزب و پاڵێوراوەكانیان نەدەن، گەندەڵی خۆ بەخۆ بەرەو پوكانەوە دەڕوات. تاكە ڕێگەش ئەوەیە كە هێزی ئۆپۆزیسیۆن چالاك و نەترس بێتە مەیدان و ڕۆڵی خۆی كایە بكات، پەنجە بخاتە سەر برینەكان و دەرمانیان بۆ بدۆزێتەوە. ڕێگەچارەی گونجاو بۆ قەیرانەكان پێشنیار بكات. ئەركی ئۆپۆزیسیۆن لەوەدا چڕ دەبێتەوە كە گەندەڵیەكان لەقاو بدات، كردەوەكانی دەستەڵات لەژێر وردبینەوە چاودێری بكات و بەسۆزو بەڵێنەكانی دەستەڵات فریو نەخوات.

پەرلەمان دەبێ نوێنەری خەڵك بێ، سەربەخۆیی بڕیارەكانی بەحزب و سەركردە نەسپێرێ، هەر پەرلەمانێك لەو بازنەیە دەرچوو لەئەركەكانی خۆی دوور دەكەوێتەوە.

پەرلەمانی كوردستان چونكە حزب دەستی بەسەرداگرتووە، ئەندامەكانی بەبڕیاری سەركردەكانی حزبەوە ئەو كورسییەیان پێدراوە، ناتوانن لەبڕیارو سیاسەتی حزب دەربچن. ڕاستە پەرلەمان هەڵبژێردراوەو خەڵك دەنگی پێداوە، بەڵام خەڵك دەنگی بە پاڵێوراوەكان نەداوە، خەڵك دەنگی بە لیستی حزب داوە، كەواتە ئەندامانی پەرلەمان بەپلەی یەكەم نوێنەری حزبن. نوێنەری حزب پێی سپێردراوە كە داكۆكی و پارێزگاری لەسیاسەتی حزب بكات، لەم سۆنگەیەوە ئەو نوێنەرە ڕێگە *****بەخۆی نادات لێپرسینەوە لەئەندامێكی دیكەی حزب بكات كە بەشكستی حزب تەواو دەبێ.

كاتێ مەكتەبی سیاسی حزب گەڵاڵە دادەڕێژێ و بودجە دادەنێ پەیڕەو لەهیچ سیستەمێك ناكات. ئەو خۆی بەیاسادانەرو بڕیاردەرو فەرمانڕەوا دەزانێ، ئەمەش بەتەواوی لەبنەمای دیموكراسی و سیستەمی پەرلەمانییەوە دوورە. ئەوكاتەی مەكتەبی سیاسی خۆی بەدەستەڵات دەزانێ و پەرلەمانیش خۆ ویستانە سەربەخۆیی خۆی لەژێر دەستی حزب دادەنێ، دەبینین بێبەندوباری و پەشێوی لەسیاسەتی یاسادان سەرپشك دەكرێ، لەئاكامیشدا گەل و نیشتمان زەرەرمەند دەبن.

بێگومان ئەگەر هێزێكی بەرهەڵستكار بەواتای بەرهەڵستكاری ئەرێنی لەدایك ببێ و درێژە بەتێكۆشان بدات، ڕەوشەكە دەگۆڕێ. ئەوكاتە دەستەڵات خۆی لەبەرانبەر هاوڕكێك دەبینێتەوە كە هاتووەو كێبەركێی لەگەڵدا دەكات. دەستەڵات نایەوێ شوێنەكە چۆڵ بكات، بۆیە پێشبڕكێ دەكات و ناچار دەبێ كە گەندەڵیەكان كەم بكاتەوە یان بیانشارێتەوە.

هێزی ئۆپۆزیسیۆن دەبێ چاودێریكردنی بەسەر كارەكانی حكومەت بەئەركی خۆی بزانێ، نابێ ئەو چاوەڕوانیەی هەبێ كە دەستەڵات خۆی ئەو ڕۆڵەی پێبسپێرێ. هەر هێزێك ئەگەر دەستوور لەدەستەڵاتەوە بۆ بەرهەڵستكاربوونی وەربگرێ دەبێتە پاشكۆو ناتوانێ بەئەركی سەرشانی خۆی هەڵبستێ.

ڕۆژنامەنووسان و میدیاكان ڕۆڵی یەكجار گەورەیان هەیە، ئەگەر ڕاستگۆیانە كاربكەن و خۆیان بەدەستەڵات نەفرۆشن، دەتوانن زۆرینەی گەندەڵیەكان ئاشكرابكەن و ڕای گشتی دروست بكەن و شەقام بوروژێنن. ئەگەر جەماوەر لەنیوەی ئەو گەندەڵیانە ئاگاداربێتەوە كە بەدرێژایی 15 ساڵی ڕابردوو ئەنجام دراون، ڕەوایەتی دەستەڵات دەكەوێتە ژێر پرسیارەوە. كۆمەڵگە جۆش و خرۆشێكی دیكە بەخۆیەوە دەبینێ. سەرەنجام گۆڕانێكی گەورە دروست دەبێ و لەقازانجی بەرژەوەندی گشتیدا دێتەوە.

دەستەڵات بۆخۆی چەندین دەزگەو كەناڵی ڕاگەیاندنی هەیە، ژمارەیەكی زۆر ڕۆژنامەنووسی دەستەمۆكراو ئاراستە دەكات، ئەوانیش پرۆسەی چەواشەكاری درێژەپێدەدەن. لێرەدا ئەركی ڕۆژنامەنووسی بەویژدان و ڕاستگۆ سەخت و گرانتر دەبێتەوە، هەم دەبێ وەڵامی قەڵەمفرۆشان بداتەوەو دەمكوتیان بكات، هەم دەبێ گەندەڵی و ساختەكاریەكان بخاتەڕوو. ڕۆژنامەنووس و میدیا ئەركی پاڵاوتنی هەیە. نابێ لەپێناو یەكسختنی بیروباوەڕەكان كاربكات، دەبێ چاك و خراپەكان پێشان بدا، دواتر بۆ خەڵك دەمێنێتەوە كە چاك لەخراپ جیابكاتەوەو سەبارەت بەپرسی گەندەڵیەكان بڕیاری خۆی بدات.

مخابن پاوانخوازی و داخستنی بازنەی ڕووداو، هەواڵ و زانیارییەكان لەلایەن دەستەڵاتەوە ئەركی ڕۆژنامەنووس و میدیاكانی دەرەوەی دەستەڵاتی زۆر قورس و سەختتر كردۆتەوە. دەبێ سەرەتا هەوڵ بدرێ كە هەموو ڕۆژنامەنووس و دەزگایەكی ڕاگەیاندن ئازادانە دەستیان بەهەواڵ و زانیارییەكان ڕابگات. كاتێك دەستەڵات تەواوی دەرگەكان دادەخات و بەنهێنی كارەكانی خۆی بەڕێوەدەبات و هەوڵی شاردنەوەیان دەدات، ڕۆژنامەنووس و میدیاكان دوو ئەركیان لەئەستۆ دەكەوێ، هەم داوای مافە ڕەواكانی خۆیان لەدەستەڵات بكەن تا دەرگەكانیان بۆ بكاتەوە، هەم ڕەفتارو كردەوەكانی دەستەڵاتیش بەجەماوەر بگەیەنن.

لەسیستەمی دیموكراسیدا حزب ئەگەر فەرمانڕەواش بێ، دەبێ داوای یارمەتی لەحكومەت بكات. حكومەت بودجە بۆ حزبەكان دیاری دەكات. پێچەوانەی ئەمە گەندەڵی و خۆسەپاندن و تاكڕەوییە.

بەحزبی كردنی زانكۆكان نەك هەر گەندەڵیەكی گەورەیە، ستەمێكی كەموێنەیە لەكاروانی زانست و ڕۆشنبیری و پێشكەوتنی كۆمەڵگە دەكرێ.

ساختەكاری و پێشێلكاری لەكاتی هەڵبژاردنەكاندا گەندەڵییەو لەترسی دۆڕان دەستی بۆ دەبردرێ، بەڵام دەنگكڕین شێوەیەكی دیكەیە، با جەماوەر خۆی هۆشیار بێ و دەنگی خۆی لەئاوێ نەكات. دەنگفرۆش و دەنگكڕ هەردووكیان دراوی گەندەڵیەكە تەواو دەكەن، وەكو یەك بەرپرسیارن.

ڕەفتاری ناشارستانیانەی پۆلیس و ئاسایش بەرانبەر بەخۆپێشاندەران و دەستڕێژی كردن (تەقەكردن) لەخۆپێشاندەران ڕێزنەگرتنە لەڕای خەڵك و زەوتكردنی مافێكی ڕەوای گەلە.

هەرچەندە ڕێپێوان و خۆپێشاندان یاساو ڕێسای خۆی هەیە، هەم نابێ خۆپێشاندەران یاساكە ببەزێنن و پێشێلی بكەن، هەم دەستەڵاتیش بۆی نیە بەگوللە وەڵامی خەڵك بداتەوە. ئەركی پۆلیس و ئاسایش ئەوەیە هەم دامودەزگاكانی دەوڵەت بپارێزن و ڕێگەنەدەن گێرەشێوێن و خراپەكاران ڕەوتی خۆپێشاندانەكە بگۆڕن، هەم دەبێ گیانی خۆپێشاندەرانیش بپارێزن و پەرۆشیان بن، بەڵام كاتێ پۆلیس و ئاسایش خۆیان تەقە لەخەڵك دەكەن و خۆپێشاندەران خەڵتانی خوێن دەكەن، سیمای دڕندەیی و دوژمنایەتی بەرجەستە دەبێ. لەپاسەوان و پارێزگارەوە بۆ نەیارو دوژمن دەگۆڕدرێن. ئەوانەی فەرمان بەپۆلیس و ئاسایش دەدەن كە گوللە بەخۆپێشاندەرانەوە بنێن، تاوانبار دەبن، دەبێ دادگەیی بكرێن و سزا بدرێن.

هەرجۆرە دەستدرێژی كردنێك چ بۆ سەر خەڵك، ڕێكخراو، دامودەزگا یان كەسایەتیەكی مەعنەوی بێت، تاوانە، یاسا ناپیارێزێ، بەپێچەوانەوە سزای دەدات. جا ئەو دەستدرێژیكردنە هێزەكانی پۆلیس، ئاسایش یان گروپێكی دیكە ئەنجامیان دابێ.

گرتنی لەخۆڕای خەڵك، بەبێ بڕیاری دادوەرو هەڵكوتانەسەر ماڵی خەڵك یان بارەگای ڕێكخراوێكی سیاسی، كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لەیاسا دەرچوونە. هەر دەرچوونێكیش لەیاسا سزای خۆی هەیە. ئەمە لەگەندەڵی سیاسی گەورەترە.

پەندێكی كورد هەیە، دەڵێ: گەورە ئاو دەڕژێنێ و بچووك پێی لێدەخشێنێ. سەبارەت بەگەندەڵیش ڕامانی جۆراوجۆر هەیە، من پێموایە ئەگەر گەندەڵی ڕەگی لەكولتورو فەرهەنگی نەتەوەو كۆمەڵگەیەكیشدا هەبووبێ، دیسانەوە لەسەروو بۆ خواروو هاتووە. ئەگەر دەستەڵاتی سەروو بۆخۆی گەندەڵی نەكات، ئەوەی ژێرەوە هەم جورئەت ناكات، هەم هێڵی سووریش نابەزێنێ. كاتێ دەستەڵاتی سەروو، یان سەرووی حكومەت و خزب، یان سەرووی بەڕێوەبەرایەتی و خوێندنگەیەك یان... یاسا لەژێر پێ دەنێ و پێشێلكاری دەكات، بە بەرچاوی خوارووی خۆیەوە گەندەڵی دەكات، ئیدی خواروو تێدەگات كە لێپرسینەوە لەگەندەڵكاریەكان ناكرێ و سزاێك نایگرێتەوە، ئەمەش هاندەرێكی باش دەبێ تا خێرایی لاسایی بكاتەوە، بەتایبەتیش كە كۆمەڵگەی ئێمە كۆمەڵگەیەكی چاولێكەرە، حەز بەلاسایی كردنەوە دەكات. تەنانەت لەوانەیە هەندێ بەشی خواروو هەر نەشزانن گەندەڵكارییە، ئەوان كە پەیڕەوی سەروو دەكەن، چۆن بەزوویی پەی بەهەڵەو گەندەڵكاریەكانی چاوگ دەبەن.

بۆیە من پێموایە كۆتاكردنی گەندەڵكاریەكان تەنیا بەگۆڕانی دەستەڵات، یان سەرووی دەستەڵاتەوە دەبێ. هەرجۆرە ئارایشكردنێكی دەستەڵات، یان پینەكردن ڕێگەچارەیەكی ڕاستینی لێ وەبەرهەم نایەت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی كڵاوڕۆژنە

# داگرتنی ئاڵای بەعس و لە گۆڕنانی بیری ڕەگەزپەرستی

هاشم عەبدوڵڵا محێدین

من لەلایەن خۆمەوە دەستخۆشی لە سەرۆكی هەرێم كاك مەسعود بارزانی دەكەم كە بڕیاری دا ئاڵای سێ ئەستێرەی عێراق لەسەر دامودەزگاكانی هەرێمی كوردستان دابەزێنرێ. من چەندە بەو بڕیارە دڵخۆش بووم، ئەوەندەش نیگەران و دڵتەنگ بووم كاتێ بینیم سەرۆكی هەرێم لە نامەكەیدا بۆ سەرۆكی پەرلەمانی عێراق جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە ئەگەر ئاڵایەكی دیكە بۆ عێراق دانرا ئەوان بەبێ دوودڵی بە هی خۆیانی دەزانن و لەسەر دامودەزگاكانی هەرێمی كوردستان بەرزی دەكەنەوە. سەرۆكی هەرێم لە نامەكەیدا نووسیویەتی: ( بەڵێنتان دەدەینێ كە ئاڵای نوێی عێراق بە هەموو شانازییەكەوە بەرز دەكەینەوە، هەر كاتێك كە لەلایەن ئەنجومەنە بەڕێزەكەتانەوە بڕیاری لەسەر درا بەبێ دەقی مادەیی 12 لەدەستووری هەمیشەیی عێراقدا).

لەوەتەی عێراق بەو سنوورەی ئێستایەوە بە بڕیاری زلهێزانی جیهانەوە دروست كراوە هەر ڕۆژێ ئاڵایەكی هەبووە. پاشایەتی ئاڵای خۆی هەبوو. لە دوای كودێتای 14ی تەمموز كە ژەنەراڵ عەبدولكەریم قاسم جڵەوی فەرمانڕەوایتی گرتە دەست ئاڵایەكی تایبەت دروست كرا، كاتێ بەعسیەكانیش لەكۆدێتا خوێناویەكانیاندا بۆ دووجار هاتنەوە سەر كورسی دەستەڵات ئەوانیش ئاڵای تایبەتیان دروست كردو بەرزیان كردەوە، دواتر سەدام حوسێنی دیكتاتۆر لە بڕیارێكدا وشەی ئەڵڵاهو ئەكبەری بۆ زیاد كردو بە دەستی خۆیشی لێی نووسی. هەروەها مانگی نیسانی ساڵی 2004 كاتێ كاك مەسعود بارزانی بوو بە سەرۆكی ئەنجومەنی حوكمی كاتی ئەویش هەوڵیدا ئاڵایەتی دیكە بۆ عێراق پێشنیار بكرێ، بەڵام هەرزوو لەلایەن عەرەبەكانەوە ڕەتكرایەوە. دەستكاری كردنی ئاڵای عێراق ئەگەر هیچ ڕاستی و باشیشی تێدانەبێ، گەواهی ئەو ڕاستیە دەدات كە عێراق وڵاتێكی مێژینەو یەكگرتوو نیە، ئەگەر هێمای یەكگرتوویی لەو وڵاتە هەبوایە هیچ فەرمانڕەوایێك جورئەتی ئەوەی نەدەكرد كە دەستكاری ئاڵاكەی بكات.

گەلی كورد لەباشووری كوردستان بەزۆرەكی بە عێراقی عەرەبییەوە لكێنراوە، نەتەوەی كوردو ئازادیخوازانیش چاوەڕوانی ئەوەبوون كە لەگەڵ ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس كوردستانی سەربەخۆ ڕادەگەیەنرێ، بەڵام بە داخەوە سەركردایەتی سیاسی كوردستان كە خۆی لە سەركردایەتی پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی نیشتمانی كوردستان دەبینیەوە بە هەڵەداوان خۆیان گەیاندە بەغدادو جەختیان لەسەر عێراقیبوونی باشووری كوردستان كردەوە. بڕیاری سەركردایەتی سیاسی پرسیارگەلێكی لەلای سەربەخۆخوازانی كوردستان و ئازادیخوازانی جیهان دروستكرد. ئەمجارەیان دوژمن و بێگانەكان نەبوون كە باشووری كوردستانیان بە عێراقی عەرەبی دەلكاندەوە، بەڵكو سەركردایەتی دوو هێزی دەستەڵاتداری باشووری كوردستان بوون كە خۆبەخش و خۆویستانە پێیان لەسەر یەكپارچەیی خاكی عێراق داگرت و ڕێگەیان لە هەڵوەشانەوەی ئەو وڵاتە گرت كە بەبێ ویستی گەلانیەوە دروست كراوە. پێشتر ئەزموونی لەو بابەتە زۆر بوون، هەڵوەشانەوەی چیكوسلۆفاكیاو یوگسلافیاو یەكێتی سۆڤیەت چەند ساڵیان تێپەڕ نەكردبوو،دەكرا زۆر بە ئاسانی لاسایی ئەوان بكرێتەوەو ئارەزوومەندانە عێراق هەڵوەشێندرێتەوە. هەڵوەشانەوەی عێراق بە پلەی یەكەم لە بەرژەوەندی گەلانی كوردو عەرەب و توركمان و ئاشووری دابوو. وڵاتێك كە بەدرێژایی تەمەنی خۆی ڕەنج و مەینەتی و دەردەسەری بۆ دانیشتوانەكەی بە دیار هێنابێ نەكەس خەمی یەكگرتوویی بۆ دەخوات و نەكەسیش بە هەڵوەشانەوەی خەمبارو زەرەرمەند دەبێ ئازادیخوازانی كوردستان تەنیا مەبەستیان ڕووخانی ڕژێمی بەعس نەبوو، دەیانویست لەو ڕووخانەوە بیری ڕەگەزپەرستی و خۆسەپاندن و باڵادەستیش كۆتایی پێبهێنرێ. ئێستا ڕەوشەكە بە جۆرێكی دیكە شكاوەتەوە. عەرەبە ڕەگەزپەرستەكان دووپات لەسەر عەرەبیبوونی عێراق و گیانی عروبەو باڵادەستبوونی خۆیان دەكەنەوە. شیعەكان بە خشكەیی هەوڵی ئەوە دەدەن كە عێراق ببێ بە شیعستان و ئەوان تێیدا فەرمانڕەواو باڵادەست بن. سوننەكان زۆر ڕەگەزپەرست و دەمارگیرانە هەوڵی گێڕانەوەی دەستەڵاتی لە دەستچوویان دەدەن و لە خەمی پاراستنی یەكپارچەیی عێراق دان و خەون بە عێراقێكی عەرەبییەوە دەبینن. كوردو توركمان و ئاشووریەكانیش هەریەكەیان بە جۆرێكی دیكەوە لە ڕاستیەكان دەڕوانێ و لەبەرانبەر پاوانخوازی و چاوچنۆكی عەرەبەكانەوە دەستیان بە كڵاوی خۆیان گرتووە با نەبیات.

لە نێو ئەو خوێندنەوە كورتەدا ئەگەر دابەزاندنی ئاڵای بەعس بە واتای ئەوە لێكبدرێتەوە كە لەژێر ئەو ئاڵایەوە ئەنفال و كوردقڕان پێڕۆكراوەو بەو ڕوانگەیەشەوە شرۆڤە بكرێ، دەبینین ڕاستەوخۆ دووپات لەسەر عێراقیبوون دەكرێتەوە. عێراقیبوونیش سوودو قازانج بە كێشەی نەتەوەی كورد ناگەیەنێ، چونكە لەژێر ئاڵایەكی دیكەی عێراقیش كوشت و كوشتار دژ بە گەلی كوردستان ئەنجامدراوە، لەژێر ئاڵاكانی دیكەی عێراقیش هەوڵی گۆڕینی دیموگرافیای كوردستان دراوە. ئەگەر ئاڵایەكی دیكەش بۆ عێراق بڕیاری لەسەر بدرێ و هێمای كورد لە خۆیدا بەرجەستە بكات، واتای ئەوە نادات كە كارەساتەكان دووپات نابنەوە. هیچ گرنتی ئەوەشمان پێنادات كە لە داهاتوودا ڕەگەزپەرستانی عەرەب بە زۆرەكی و بەهێز ناسنامەی عەرەبیبوون لە یەخەی عێراق نادەنەوە. دابەزاندنی ئاڵای بەعس و هەڵكردنی ئاڵایێكی دیكە چارەسەر لەگەڵ خۆیدا ناهێنێ. چارەسەر لە جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی كوردستان دایە، ئەگەر سەركردایەتی كوردستان پەرۆشی داهاتووی نەتەوەكەیەتی با هەرچی زووترە بڕیاری سەربەخۆیی بدات. گەلی كوردستان لە ریفراندۆمە نافەرمییەكەی 31-1-2005 ڕاشكاوانە دەنگی بۆ سەربەخۆییدا، تەنیا سەركردایەتی كوردستان ئەو بڕیارەی نەداوەو بە پێچەوانەی خواستی نەتەوەكەی ڕێگەی گرتووە.

Hashm-abdulla@hotmail.com